
# ڕێنمایەک بە زمانی سادە بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پاڵپشتیی خانووی کۆمەڵایەتی


**ئاپریلی 2022**



## ڕێنماکە دەربارەی چییە؟




ڕێنماکە یارمەتیت دەدات بۆ پڕکردنەوەی داواکارییەک بۆ دەسەڵاتی ناوچەی خۆت بۆ پاڵپشتیی خانووی کۆمەڵایەتی.




ڕەنگە بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکە پێویستت بە کەسێک بێت کە متمانەت پێی هەبێ بۆ ئەوەی یارمەتییت بدات.

داواکاری بۆ پاڵپشتیی خانووی کۆمەڵایەتی زانیاری و بەڵگەنامەی زۆر لەخۆدەگرێت.

دەتوانیت فۆرمی داواکاری پاڵپشتیی خانووی کۆمەڵایەتی لە دەسەڵاتی ناوچەی ئەو شوێنەی لێی دەژی وەربگریت.

## کێ دەتوانێ پاڵپشتیی خانووی کۆمەڵایەتی وەربگرێت؟



ئەگەر پارەی پێویستت نەبێت بۆ ئەوەی پارەی شوێنی خۆت بدەیت دەتوانیت پاڵپشتیی خانووی کۆمەڵایەتی وەربگریت.

## لەکوێ دەتوانیت پاڵپشتیی خانووی کۆمەڵایەتی وەربگریت؟

دەتوانیت لە دەسەڵاتی ناوچە (ئەنجومەنی شار یان گوند) یان ئاژانسێکی دیکە بەناوی "دەزگای نیشتەجێکردن و خانووی ڕێگەپێدراو" پاڵپشتیی خانووی کۆمەڵایەتی وەربگریت.



دەزگای نیشتەجێکردن و خانووی ڕێگەپێدراو ڕێکخراوەیەکە وەکوو "کۆمەڵەی کڵوویید و دە سایمن" (Clúid and The Simon Community) کە دەتوانێت شوێنی نیشتەجێبوون و خانوو بۆ گرووپەکانی خەڵک دابین بکات.

خزمەتی کەمئەندامی کە پەیوەندیتان پێوەی هەیە ڕەنگە دەزگایەکی نیشتەجێکردن و خانووی ڕێگەپێدراو بێت.

# جۆرەکانی پاڵپشتیی خانووی کۆمەڵایەتی



هەندێ لەو پاڵپشتییانەی کە دەتوانیت لە دەسەڵاتی ناوچە وەربگریت ئەمانەی خوارەوەن:

دەتوانیت لە دەسەڵاتی ناوچە یان لە دەزگای نیشتەجێکردن و خانووی ڕێگەپێدراو خانوو یان ئاپارتمان بەکرێ بگریت.



دەتوانیت لە ڕێگەی پلانگەلێک وەکوو "پلانی شوێنی نیشتەجێبوونی کرێ" (RAS) و "پلانی یارمەتی بۆ پارەدانی شوێنی نیشتەجێبوون" (HAP) خانوو یان ئاپارتمانێک بەکرێ بگرێت.

کەسانی بەساڵاچوو، کەسانی بێخانوو، ئەوانەی سەفەر دەکەن، و کەسانی کەمئەندام دەتوانن بۆ خانوو و نیشتەجێبوون پاڵپشتی وەرگرن.

ئەگەر بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێویستت بە یارمەتیە دەتوانی پەیوەندی بکەیت بە بەشی نیشتەجێکردن و خانووی دەسەڵاتی ناوچەکەت یان ناوەندی زانیارییەکانی هاووڵاتییان.

Citizens Information



هەروەها کەسێک متمانەت پێی هەبێ دەتوانێ بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکە یارمەتییت بدات.

## زانیاریی گرنگ بۆ کاتی پڕکردنەوەی فۆرمەکە.



تکایە وەڵامەکانت بەڕوونی بنووسە.

گرنگە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ناو فۆڕمی داواکاریەکە بدەیتەوە.

گەر هەموو ئەو زانیارییانەی کە پێویستمانە پڕ نەکەتیتەوە و وەڵامیان نەدەیتەوە، داواکاریەکەت پێش ناکەوێت.




گەر پرسیارەکان بۆ تۆ پەیوەندیدار نین، دەبێ پەیوەندیدار نییە (N/A) بنووسی لە وەڵامیاندا.

دڵنیا بە لەوەی کە هەموو ئەو شوێنانەی کە داوای واژۆت لێدەکرێت واژۆ بکەیت.

دەسەڵاتی ناوچەکەت دڵنیایی دەدات کە پەیڕەوی "ڕێسا گشتییەکانی پاراستنی دەیتا" (GDPR) و زانیاریەکانت دەکات.




ئەگەر هەر پرسیارێکت لەمبارەوە هەیە، لە دەسەڵاتی ناوچەکەت بپرسە.




دەبێ لەگەڵ فۆرمەکە بەڵگەنامەی دیکەش بنێریت. چێکلیستێک هەیە کە یارمەتیت دەدات دڵنیا بیت لەوەی هەموو شتێکت لەبیر دەمێنێ.

گەر هەموو ئەو شتانەی کە پێویستە نەنێریت، داواکاریەکە پێش ناکەوێت.



دەسەڵاتی ناوچە ڕەنگە داوای ئەوەشت لێبکات دواتر زانیاریی زیاتری بۆ بنیریت.

گەر وردەکاریەکان و زانیارییەکانت بگۆڕدرێن (بۆ نموونە هاوسەرگیری بکەیت یان ماڵ بگوازیتەوە بۆ خانوویەکی نوێ)، حەتمەن دەبێ دەسەڵاتی ناوچە ئاگادار بکەیتەوە و پێی بڵێی.



زۆر گرنگە کە نامەکان و ئیمەیڵەکانی دەسەڵاتی ناوچە وەڵام بدەیتەوە.

گەر وەڵامی هەموو نامەکان و ئیمەیڵەکانی دەسەڵاتی ناوچە نەدەیتەوە، ئەوا ئەو دەتوانێت لە لیستی چاوەڕوانی بتسرێتەوە، ئەوەش واتا پاڵپشتیی خانووی کۆمەڵایەتیت پێنادرێت.




دەتوانی کەسێکی نزیکت هەڵبژێری کە یارمەتیت بدات وەڵامی نامەکان و ئیمەیڵەکانی دەسەڵاتی ناوچە بدەیتەوە.

ئەو کەسانە پێیان دەوترێ هاوپەیامنێر (co-correspondent).



دەسەڵاتی ناوچە بە هاوپەیامنێرەکەت کە نامە یان ئیمەیڵێکیان بۆ ناردوویت.

تکایە پێش ناردنی هەر شتێک بۆ دەسەڵاتی ناوچە کۆپییەکی لێهەڵگرە.

## چێکلیست



فۆرمەکە چێکلیستێکی هەیە، و ئەمەش هەموو ئەو زانیاری و بەڵگەنامە زیادییانە دەگرێتەوە کە دەبێت لەگەڵ فۆرمی داواکارییەکەتدا بنێری.

دەبێت لەبیرت بێت وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ناو فۆرمەکە بدەیتەوە، ئەگەرنا داواکارییەکەت پێش ناکەوێت.




هەوڵبدە فۆرمەکەت بە شێوەی حوزووری لە نووسینگەی دەسەڵاتی ناوچە پێشکەش بکەیت و ئەوانیش دڵنیابن لەوەی کە تۆ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەت داوەتەوە کە پێویستە.

هەروەها دەتوانن یارمەتیت بدەن دڵنیا بیت لەوەی کە هەموو ئەو بەڵگەنامە زیادانەت هەیە کە بۆ داواکارییەکەت پێویستت پێیانە.







ئێمە لە خوارەوە زانیاری و بەڵگەنامە زیادە پێویستەکان ڕوون دەکەینەوە و پێداچوونەوەیان بۆ دەکەین:

## زانیاری کەسی

- بەڵگەیەکی ناسێنەرکە وێنەی هەبێت (پاسپۆرت یان مۆڵەتی لێخوڕین).
- بەڵگەی لەدایکبوون (هینی خۆت و هەرکەسێک کە لەگەڵ تۆ داواکاری دەکات، بۆ نموونە پارتنەرەکەت).
- ژمارەی PPS (خزمەتی گشتیی شەخسی) ساڵێکی باجی (هینی خۆت و هەر کەسێک کە لەگەڵ تۆ داواکاری دەکات، بۆ نموونە پارتنەرەکەت).
- بەڵگەی سەلمێنەری ناونیشان (وەکوو پسوولەی کارەبا).





پێویستمان بە زانیاری و بەڵگە هەیە لەسەر هەموو ئەو پارەیەی کە کەسانی داواکار بەدەستی دەهێنن، وەک حەقدەست و داهات.

**دامەزراو**

- گەر تۆ (یان هەر کەسێ کە لەگەڵ تۆ داواکاری پێشکەش دەکات) لە 12 مانگی ڕابردوودا کارێکی هەبووە، ئەمانەی خوارەوەمان پێویستە:

**<u>بۆ ئەمساڵ</u>**

- پسوولەکانی مووچەی هەموو ئەو کارانەی لە مانگی جانیەوەریی ئەمساڵەوە هەتبووە.

**<u>یان</u>**

- پوختەی پارەدان و باج (بۆ ئەمساڵ)

دەتوانی لە خزمەتی ئۆنلاینی "باج" (Revenue) (ئەکاونتی من) ئەمە بەدەست بهێنیت. ئەمە هەموو ئەو کارانەی کە لەسەرەتای ئەمسالەوە تا ئێستا هەتبووە لەخۆ دەگرێت.



| Employee No. | Employee Name | Process Date | National Insurance Number |
|---|---|---|---|
| 0834 | FULL NAME HERE | 20/01/2006 | NP000000B |

| Payments | Units | Rate | Amount | Deductions | Amount |
|---|---|---|---|---|---|
| Gross Salary | 1.00 | 3750.00 | 3750.00 | PAYE Tax | 845.19 |
| Monthly | | | | National Insurance | 265.62 |
| Payment Method: | | | | | |
| Cheque | | | | | |

FULL NAME
35 ANYWHERE COURT
KENSINGTON
SW3 000

| This Period | |
|---|---|
| Tax Period: 10 | Tax Code: 489L |
| Total Gross Pay | 3750.00 |
| Gross for Tax | 3750.00 |
| Earnings for NI | 2730.00 |

| Year To Date | |
|---|---|
| Total Gross Pay TD | 37500.00 |
| Gross for Tax TD | 37500.00 |
| Tax Paid TD | 8451.90 |
| Earnings for NI TD | 27300.00 |
| National Insurance TD | 2656.20 |

COMPANY NAME

Net Pay 2639.19

**<u>بۆ ساڵی ڕابردوو</u>**

- بەیاننامەی بەرپرسیارێتی

دەتوانی لەڕێگەی خزمەتی ئۆنلاینی Revenue (ئەکاونتی من) یان نووسینگەی باجی ناوچەکەت داوای ئەمە بکەیت.

ئەم بەیاننامەی بەرپرسیارێتیە پێداچوونەوەیەکی کۆتاییە بەسەر بەرپرسیارێتیی باجی تۆ بۆ ساڵێکی باجی (tax year). پێشتر بە P21 - کۆتایی بەیاننامەی ساڵانە ناسرابوو.

**<u>و</u>**

- پوختەی وردەکارییەکانی کار و دامەزران

دەتوانی لە خزمەتی ئۆنلاینی Revenueەوە (ئەکاونتی من) ئەمە بەدەست بهێنیت.

## داهاتی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی

- گەر تۆ (و هەر کەسێ کە لەگەڵ تۆ داواکاری پێشکەش دەکات) پارەی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی وەربگرن، دەبێ زانیاری و بەڵگەی سەلمینەری ئەوە بنێریت. دەتوانیت لە فەرمانگەی پاراستنی کۆمەڵایەتی (Department of Social Protection) بەڵگەیەکی بەیاننامە وەرگریت.

- ئەم بەیاننامەیە ئەو پارەی کە لەوان وەرتگرتووە نیشان دەدات.



## کاری ئازاد/خاوەنکاربوون

- گەر کاری ئازادت هەیە/خاوەنکاری خۆتی، دەبێ ئەمانەت هەبێ: لانیکەم حیسابی دوو ساڵ لەگەڵ ڕاپۆرتی پشکێنەری حیساب و نامەی پشتڕاستکردنەوەی هەڵسەنگاندن وە یان خۆهەڵسەنگاندن (بۆ 12 مانگی ڕابردوو).

## مانگانەکان

- گەر ئەندامی خزمەتێکی گشتیی پلانی مووچەی خانەنشینیت، یان "پارەی زیادە بۆ مووچەی خانەنشینی" (Additional Superannuation Contribution (ASC) دەدەیت، ئەوا دەبێ ئەمانەیش دابین بکەیت:
  - دوایین پسوولەی مووچەی ساڵی ڕابردووت، و
  - دوایین پسوولەی مووچەی ئەمساڵت


Employee No. | Employee Name | Process Date | National Insurance Number
0834 | FULL NAME HERE | 20/01/2006 | NP000000B

| Payments | Units | Rate | Amount |
|---|---|---|---|
| Gross Salary | 1.00 | 3750.00 | 3750.00 |
| Monthly | | | |
| Payment Method: | | | |
| Cheque | | | |

| Deductions | Amount |
|---|---|
| PAYE Tax | 845.19 |
| National Insurance | 265.62 |


FULL NAME
35 ANYWHERE COURT
KENSINGTON
SW3 000

This Period
Tax Period: 10 Tax Code: 489L
Total Gross Pay 3750.00
Gross for Tax 3750.00
Earnings for NI 2730.00

Year To Date
Total Gross Pay TD 37500.00
Gross for Tax TD 37500.00
Tax Paid TD 8451.90
Earnings for NI TD 27300.00
National Insurance TD 2656.20

COMPANY NAME
Net Pay 2639.19

## زانیاریی زیاتر کە ڕەنگە بۆ تۆ پەیوەندیدار بێت (گەر بۆ تۆ پەیوەندیدار نییت، ئەوا لە وەڵامدا N/A بنووسە)



- زانیاری یان بەڵگەی هاووڵاتیبوون یان مۆڵەتی مانەوە لە ئێرلەندا بۆ تۆ و هەر کەسێک کە لەگەڵت داواکاری پێشکەش دەکات.
(وەکوو نامەیەک لە وەزارەتی دادەوە).




- بەڵگەی هاوسەرگیری.




- کۆپیی ڕێکەوتنی جیابوونەوە/تەڵاق.




- زانیاری و بەڵگەی گرێبەستی کرێنشینی یان تۆماری "دەستەی کرێی نیشتەجێبوون" گەر لە ئێستادا لە کرێنشینیدای.



- زانیاری دەربارەی هەر مڵک یان زەوییەک کە تۆ (یان هەر کەسێ کە لەگەڵت داواکاری دەکات) هەتە. ئەم زانیارییە دەبێ شوێن،
بەها و باروودۆخی مڵکەکە و هەر پارەیەک لەوەوە بەدەستی دەهێنیت لەخۆ بگرێت.



- گەر خاوەنی خانوویەکی و کێشەی بارمتە و گرێبەستی خانووت هەیە، پێویستت بە نامەی یەکەی پاڵپشتیی قەرزە دواکەوتووەکانی قەرزدەرەکەت هەیە.

- نامەیەک لە دەسەڵاتی ناوچە یان دەزگای نیشتەجێکردن و خانووی ڕێگەپێدراوی ئەو شوێنەی کە پێشتر لێی دەژیای ئەگەر پێشتر پاڵپشتیی خانووی کۆمەڵایەتیت هەبووە.




- زانیاری و بەڵگەی پەیوەندی لەگەڵ ناوچەکە ئەگەر ئێستا لەوێ ناژیت، بۆ نموونە، ئەمە دەتوانێ بەڵگەی ئەوە بێت کە تۆ پێشتر لەوێ ژیاویت.




- فۆرمێکی پڕکراوەی زانیارییەکانی کەمئەندامی وە یان پزیشکی.
دەتوانی لە دەسەڵاتی ناوچەی خۆت ئەمە بەدەست بهێنیت. لە لاپەڕەی 18 زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم فۆرمە هاتووە.



- ڕاپۆرتی چارەسەرکەری کاری (OT) سەبارەت بەو شتانەی لە ماڵەوە پێویستت پێی دەبێت، وەکوو کەلوپەل یان گۆڕانکاری لە ماڵەکەدا، بۆ ئەوەی ڕاحەتتر بتوانی بچیە ناویەوە و دەسپێگەیشتنی ئاسانتر بکەیتەوە.

# ئەم فۆرمە 12 بەشە و ئەمەش ڕێنمایەکە بۆ ئەو بەشانە

## بەشی 1: سەبارەت بە تۆ (زانیاریی شەخسی)



- ئەم بەشە پرسیار لە شتگەلێ وەکوو ناوت، ڕێکەوتی لەدایکبوونت، ناونیشانی ئێستات و هتد دەکات.
- گەر کەسێکی تر (وەکوو پارتنەرەکەت) لەگەڵت داوای خانووی کۆمەڵایتی دەکات، ئەوا ئەوانیش دەبێ زانیاریی شەخسیی خۆیان پڕ بکەنەوە.

## بەشی 2: ئەوەی کە خەڵکی کوێیت (زانیاریی نەتەوایەتی)



- ئەم بەشە داوای ئەوەت لێدەکات کە بزانێ لە کوێ لەدایکبوویت، چ زمانگەلێ قسە دەکیت، بارودۆخی هاووڵاتییبوونت چۆنە، بۆ نموونە گەر ئێرلەندی هەیت یان نا.

## بەشی 3: شوێنی کارکردنت (زانیاریی کار و دامەزران)




- ئەم بەشە پرسیارت لێدەکات بزانێ کار دەکەیت یان نا.
- داوای زانیاریی خاوەنکارەکەت دەکات، بۆ نموونە ناو و ناونیشانی کۆمپانیاکەیان.

## بەشی 4: چەندە پارە وەردەگریت (زانیاریی داهات)




- دەبێ داهات یان حەقدەستی هەموو هەفتەیەکت پێش لە دانی باجەکان (پارەدانی ناپەتی) نیشان بدەیت. ئەمەش دەتوانێ بریتی بێت لەو پارەیەی کە لە کار، خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی یان هەر پارەیەکی دیکە بێت کە وەریدەگریت.
- پاشان پێویستە ئەوەی لە پارەکە کەم دەکرێتەوە (کەمکردنەوەکان) لیست بکەیت؛ ئەمەش دەتوانێ بریتی بێت لە PAYE (پارەدان لەسەر داهات)، PRSI (پارەدانی بیمەی کۆمەڵایەتیی پەیوەندیدار).

## بەشی 5: کەسانی دیکە کە لەگەڵت داواکاری دەکەن (ئەندامانی دیکەی خێزان)



- ئەم بەشە داوای زانیاری لەسەر ئەو کەسانەی تر دەکات کە لە هەمان ماڵدا لەگەڵ تۆدا دەژین. بۆ نموونە پارتنەرەکەت یان هەر منداڵێک کە هەتبێت.
- پێویستە زانیارییەکانیان بدەیت، وەکوو ناو، ڕۆژی لەدایکبوون، وڵاتی لەدایکبوون، بارودۆخی هاووڵاتیبوون، ڕەگەز، دۆخی هاوسەرگیریان بدەیت.

## بەشی 6: ئەو شوێنەی ئێستا لێی دەژیت (شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا)



- ئەم بەشە سەبارەت بە شوێنی ژیانی ئێستات و زانیارییەکانی پەیوەندیدار بەوە پرسیار دەکات.
- پرسیاری ئەوە دەکات کە ئایا تۆ خاوەنی ئەو خانووەی کە تێیدا دەژیت یان بەکرێی تێیدایت و چ جۆرە خانوویەکە.



- ئەگەر بەکرێ گرتووتە، پێویستە زانیاری و بەڵگەی ئەوە بدەیت.
- داوای هۆکاری ئەوە دەکات کە بۆچی پاڵپشتییت دەوێت (وەک هۆکاری کەمئەندامی).
- پاشان دەبێ ڕوونی بکەیتەوە چ شتێک لەو خانووەدایە کە لە ئێستادا تێیدا دەژیت.

## بەشی 7: ئەو شوێنەی پێشتر لێی ژیاویت (مێژووی شوێنی نیشتەجێبوون)



- ئەم بەشە داوات لێدەکات زانیاری بدەیت سەبارەت بەو شوێنەی کە لەماوەی 5 ساڵی ڕابردوودا ژیاویت.

## بەشی 8: ئەو خانووەی پێویستتە (پێداویستییەکانی خانووبەرە و شوێنی نیشتەجێبوون)



- ئەم بەشە پرسیار دەکات کە ئایا تۆ خۆت وەک "گەشتیارێکی ئێرلەندی" پێناسە دەکەیت.

ئەمەش بۆ ئەوەیە بزانین کە ئایا تۆ گەشتیاریت و حەز دەکەیت لە بخرێیتە ناو "بەرنامەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران".



ئەمە ئەو زانیاریانە دەدات بە دەسەڵاتی ناوچەکان کە پێویستیانە بۆ باشترکردنی "بەرنامەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیاران".

ئەم زانیاریانە کاریگەرییان نابێت لەسەر ئەوەی کە ئایا کەسێک شایەنی وەرگرتنی پاڵپشتیی خانووی کۆمەڵایەتی هەیە یان نا.



- ئەم بەشە هەروەها داوای ئەوەت لێدەکات بزانێت چ پاڵپشتیەکی خانوو و نیشتەجێبوونت پێویستە کە بتوانی ڕاحەتتر بچیە ناو ماڵەکەت و دەسپێگەیشتنی ئاسانتر بکەیتەوە. بۆ نموونە گۆڕینی حەمام، ژووری نووستن یان دانانی پیلکانی تەخت.




- ئەگەر تۆ بە هۆکاری پزیشکی یان کەمئەندامی داواکاری پێشکەش دەکەیت، داوات لێدەکرێت زانیاری سەبارەت بە پێداویستییەکانت بدەیت.

- ئەگەر تۆ بە هۆکاری پزیشکی یان کەمئەندامی داواکاری پێشکەش دەکەیت، هەروەها دەبێ فۆرمێکی تر پربکەیتەوە، واتا فۆرمی زانیاریی کەمئەندامی وە یان پزیشکی.



دەتوانی لە دەسەڵاتی ناوچەی خۆت ئەمە بەدەست بهێنیت. لە لاپەڕەی 18 زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم فۆرمە هاتووە.

## بەشی 9: بنەمای داواکاری



- تەنها دەتوانیت داواکاری لە یەک دەسەڵاتی ناوچە بکەیت بۆ پاڵپشتیی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون.



- ناوی دەسەڵاتی ناوچە بۆ ئەو شوێنەی کە حەز دەکەیت لێی بژیت لە پێشەوەی فۆرمی داواکاریدا دەبێت.

- ئەم دەسەڵاتی ناوچەیە دەبێت لەو ناوچەیەدا بێت کە تۆ زۆرتر لێی دەژیت.




- داوات لێدەکرێت هەڵبژێریت کە حەز دەکەیت لە کوێ لەم دەسەڵاتی ناوچەدا بژیت.




- پێویستە ئەم ناوچانە بە وردی هەڵبژێریت، بیر لە شتگەلێکی وەک خزمەتگوزاری، گواستنەوە، پەیوەندی بە خێزان و هاوڕێیان و جۆری خانوو و نیشتەجێبوون لەو ناوچانە بکەیتەوە کە هەڵیدەبژێریت.

- دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ ناوچەیەکی تر ئەگەر ئەو کەسەی کە لە ماڵەکەدا دەژی پەیوەندییەکی ناوچەیی بە ناوچەکەیەوە هەبێت.




- پەیوەندیی ناوچەیی کاتێکە کە کەسێك:
  - پێشتر بۆ ماوەی 5 ساڵ لە شوێنێک ژیابێت،
  - لە مەودای 15 کیلۆمەتریی شوێنەکەدا کار بکات،



  - لەوێ بچێت بۆ خوێندنگە یان کۆلێژ،
  - پێویستیی بە خزمەتی پەروەردەیی یان تەندروستی هەبێت لە ناوچەکەدا،



  - خزمێکی یاتر لە 2 ساڵ لە ناوچەکەدا ژیابێت. خزم بریتییە لە دایک/باوک، منداڵ یان خوشک/برای گەورەساڵ.
هەروەها لەوانەیە خزمێکی تریش بگرێتەوە کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئەندامی ماڵەکەدا هەبێت.

## بەشی 10: ئەو خانووانەی تر کە خاوەنیانیت (زانیاریی ملّکەکانی تر)



- ئەم بەشە پرسیار دەکات دەربارەی هەر ملّک یان زەوییەک کە ڕەنگە خاوەنی بیت.

- ئەم بەشە پرسیار دەکات دەربارەی هەر ملّک یان زەوییەک کە ڕەنگە خاوەنی بیت.




- گەر پرسیارەکان بۆ تۆ پەیوەندیدار نین، لە خانەکاندا وەلامی پەیوەندیدار نییە بنووسە.

## بەشی 11: تاوانەکانی شێواندنی نەزمی گشتی

- ئەم بەشە پرسیارت لێدەکات بزانێ هەرگیز کێشەت لەگەڵ پۆلیس (Gardaí) هەبووە یان نا.

## بەشی 12: زانیاریی دیکە




- هەر شتێکی تر کە گرنگ بێت یان یارمەتیدەر بێت بۆ پاڵپشتیکردن لە داواکاریەکەت زیاد بکە.

## ڕاگەیاندن



لە کۆتایی فۆرمی داواکاریەکەدا بەشێک هەیە
کە دەبێ واژۆی بکەیت و پێی دەڵێن "ڕاگەیاندن".




ڕاگەیاندنەکە بەوردی بخوێنەرەوە و واژۆی بکە. ئەگەر کەسێکی تر لەگەڵت داواکاری پێشکەش دەکات، ئەوا پێویستە ئەویش واژۆی لەسەر بکات.



ئەگەر بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری پێویستت بە یارمەتیە دەتوانی پەیوەندی بکەیت بە بەشی نیشتەجێکردن و خانووی دەسەڵاتی ناوچەکەت یان ناوەندی زانیارییەکانی هاووڵاتییان و ئەوانیش یارمەتییت دەدەن. هەروەها کەسێک کە متمانەت پێی هەبێت دەتوانێت یارمەتیت بدات.

# فۆڕمی زانیاریی کەمئەندامی / پزیشکی


## فۆڕمەکە دەربارەی چییە؟




ئەگەر تۆ لەبەر کەمئەندامی داوای پاڵپشتیی خانووی کۆمەڵایەتی دەکەیت، پێویستە فۆڕمێکی تر پڕبکەیتەوە.

بەم فۆرمە دەڵێن HMD – Form 1.  دەتوانی داوا لە دەسەڵاتی ناوچەکەت بکەیت کە ئەم فۆرمەت پێبدەن.

## زانیاریی گرنگ




گەر کەمئەندام بیت یان کێشەیەکی پزیشکییت هەبێت ئەوا ڕەنگە بتوانی بکەویت ئەولەویەت بۆ وەرگرتنی پاڵپشتیی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون.

ئەمەش بەپێی بارودۆخی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونی تۆ دەبێت.



ئەم فۆرمە چوار بەشی هەیە. دەبێ بەشی 1 و بەشی 2  خۆت پڕی بکەیتەوە.

دوو پسپۆڕی چاودێریی تەندروستی دەبێ بەشی 3 و بەشی 4  پڕ بکەنەوە بۆت.



پسپۆڕێکی چاودێریی تەندروستی ئەم شارەزاییانەی خوارەوەی هەیە: ڕاوێژکار، پزیشکی گشتی (GP)، پەرستاری تەندروستیی دەروونی، پەرستاری تەندروستیی گشتی، چارەسەرکەری کاری یان یاریدەری کۆمەڵایەتی.

لەوانەیە بەپێی پێداویستییەکانی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونت پێویستت بە ڕاپۆرتی چارەسەری کاری (OT) بێت، بۆ نموونە ئەگەر پێویستت بە گۆڕینی خانوو بێت بۆ ئەوەی دەسپێگەشتنی ئاسانتر بکەیتەوە.

# ئەم فۆرمە 4 بەشە و ئەمەش ڕێنمایەکە بۆ ئەو بەشانە



## بەشی 1: زانیاریی کەمئەندامی وە یان پزیشکی

- ئەم بەشە داوات لێدەکات زانیاری دەربارەی کەمئەندامی و/یان دۆخی پزیشکی خۆت پڕبکەیتەوە.

## بەشی 2: سەبارەت بە تۆ (زانیاریی شەخسی)



- ئەم بەشە داوات لێدەکات زانیاری دەربارەی خۆت پڕبکەیتەوە، بۆ نموونە: ناوت و ڕێکەوتی لەدایکبوونت.

## بەشی A3: زانیاری و وردەکارییەکانی پسپۆڕی چاودێریی تەندروستی



- دوو پسپۆڕی چاودێریی تەندروستی زانیارییەکانی پەیوەندی خۆیان لەم بەشەدا پڕ دەکەنەوە.

- ئەوان هەندێک لە بەشەکانی فۆرمەکە پڕدەکەنەوە بۆ پاڵپشتیکردن لە داواکارییەکەت.

## بەشی B3: وردەکارییەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا



- ئەم بەشە دەربارەی شوێنی ژیانی ئێستات و ئەوەی کە ئایا ئەمە کاریگەری خراپی لەسەر تۆ هەیە پرسیار لە پسپۆڕەکانی چاودێریی تەندروستی دەکات.

## بەشی C3: وردەکارییەکانی شوێنی نیشتەجێبوون



- ئەمەش پرسیار لە پسپۆڕەکانی چاودێریی تەندروستی دەکات کە چۆن گۆڕانکاری لە شوێنی ژیانتدا شتێکی باش دەبێت بۆت.

## بەشی D3: پێداویستییەکانی پاڵپشتی



- ئەمەش دەربارەی ئەو پاڵپشتیانەی کە پێویستتە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بژیت پرسیار لە پسپۆڕەکانی چاودێریی تەندروستی دەکات.

## بەشی 4: ڕاگەیاندنی پسپۆڕی چاودێریی تەندروستی




- دوو پسپۆڕی چاودێریی تەندروستی ئەم فۆرمە واژۆ دەکەن و ڕێکەوتی لێدەدەن.